# موسڵمانان و دروستکردنی ئاینده

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ المسلمون وصناعة المستقبل ﴾

« باللغة الكردية »

بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# موسڵمانان و دروستکردنی ئاینده

قورئانی پیرۆز دیاری کردوه که دروستکردنی ئاینده له خودی مرۆڤەوه دەست پێ دەکات. خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ ﴾ سورەتی الكهف: 29. وەمرۆڤ به هەڵوێستی خۆی ئاینده‌ی خۆی دیاری دەكات، وه له ڕێگه‌ی ئەم هەڵوێستەوه ڕێگاكه‌ی دیاری دەكات. خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يُرِدْ ثَوَابَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَنْ يُرِدْ ثَوَابَ الْآخِرَةِ نُؤْتِهِ مِنْهَا ) سورەتی آل عمران:145.

وەئەوه‌ی ژیانی باوەڕ وڕێگای دواڕۆژ هەڵبژێرێت ئەوه دەرگاكانی بۆ دەكرێتەوه، وه ئەوەیشی ژیانی بێباوەڕی وحەزەكانی دونیا هەڵبژێرێت هۆكانی بۆ دێته پێشەوه، خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاءُ لِمَنْ نُرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلاهَا مَذْمُوماً مَدْحُوراً . وَمَنْ أَرَادَ الْآخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ كَانَ سَعْيُهُمْ مَشْكُوراً ﴾ سورەتی الإسراء:19.

وه پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت، دەفەرموێت لەم بارەیەوه: «إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى» متفق عليه.

پاشان ئیراده تەنها بەس نیه بۆ گەشتن به مەبەست، بەڵكو دەبێت كار و هەوڵ وكۆشش بكرێت تا ئامانجەكان دێته دی. خوای گەوره دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ ﴾ سورەتی العنكبوت: 69،

هەروەها دەفەرموێت : ﴿إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ ﴾ سورەتی الرعد: 11.

وەبێگومان پەیامی موسڵمانان کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامە وسەرچاوەکەی بریتیە لە قورئان وسوننەت هیچ کەموکورتیەکی تێدا نیە، وبێبەش وبێمایە وبێبەخشین نیە، بەڵکو خاوەنی پرۆژەیەکی تەواو وهەمەلایەنە ودەتوانێ لە هەمو سەردەم وشوێنێکدا مێژوی مرۆڤایەتی بنیات بنێتەوە وبیخاتە نێو ژیارێکی راستەقینەوە کە بەختەوەری بۆ دابین بکات.

گرفتی موسڵمانان لە پەیامەکەدا نیە، بەڵکو لە جێبەجێکردن وتەفیعلکردنەوەی پەیامەکەدایە.

وە زۆربەمان دەزانین کەوا موسڵمانان ئەرکێکی گەورەیان لە ئەستۆدایە ئەویش بریتیە لە بنیات نانەوەی ژیارێکی مرۆڤانە لە ژێر سایەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، دیارە ئەمەش پێویستی بە کار وهەوڵدان و ماندوبونێکی زۆر هەیە، وێڕای ئەم هەموو کۆسپ وتەگەرە ودڕك وداڵەی دێتە سەر رێیان، کە دەبێ زۆر لێزانانە تەختیان بکەن. هەروەها لەسەریان پێویستە درك بە گەلێ مەسەلەی سەرەکی بکەن وبەرچاویان روون بێت، لەوانە:

یەکەم: دژایەتی لە نێوان ئیسلام وجاهیلیەتدا بەردەوامە، وە جەنگێکە لە نێوان بیروباوەڕێك و بیروباوەڕێکی دیکە و، بەرنامەیەکی ژیان و بەرنامەیەکی دیکەیە.

دووەم: ئەم جاهیلیەتەی ئەمڕۆ روبەڕوی ئیسلام دەبێتەوە لە ترۆپکی ژیاری مادیدایە و، موسڵمانانیش لەم بوارە یەکجار دواکەوتوون.. داخوازی ئەمەش ئەوەیە کە موسڵمانان روبەروی ئەو ژیارە ببنەوە بەهەمانشێوەی کە موسڵمانانی یەکەم روبەڕوی ژیاری فارسی وبێزەنتی بونەوە، کە لەلوتکەی باڵا دەستی مادی بوون...

سێهەم: سەرکەوتنی خوایی بە پێی چەند ڕێوشێنێکەوە دێتە دی کە خوا بڕیاری لەسەر داوە، ئەم دوو خاڵەی کە باسکران بەشێکن لە داخوازیەکانی وەدیهێنانی ئەم ڕێوشوێنە، هەروەها بەندێکی تر لم ڕێوشوێنە ئەوەیە کە هەق و ڕەوا سەربازی دڵسۆز وبڕوادار ویەکانگیری پشت بە خوا قایمی هەبێ.چونکە لە سوننەتی خوادایە کاتێك حەق بزر ولاواز بێت، ناحەق با دەخوا وفشوفۆڵ دەبێت، کە حەقیش هات ناحەق پوچ دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا ئەگەر موسڵمانان بیانەوێت لە واقیعی ژیاندا ڕۆڵیان هەبێت و خاوەن کەسایەتی خۆیان بن وئایندەیان پڕشنگدار بێت ـ بە بۆچونی من ـ دەبێت دوو هەنگاوی هاودەم هەڵبگرن:

هەنگاوی یەکەم: گەڕانەوە بۆ حوکمی ئیسلام و، جێبەجێ کردنی بنەما ڕەوشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە هەڵێنجراوەکانی ئەم شەریعەتە و، داڕشتنەوەی پرۆگرامەکانی فێرکردن و پەروەردەی و بەرنامەکانی لە سایەی بیرۆکەی ئیسلامی بۆ ژیان.

هەنگاوی دووەم: کۆبوونەوە لەژێر بەیداغی ئیسلام، کۆبونەوە لە بواری سیاسەت و، لە بواری ئابووری و، لە بواری جەنگی.. کۆبونەکە لەسەر ئەو بناغەیە بێت کە یەکەم: داوای سەربەخۆیی و ئازادیی تەواوی خۆی دەکات، جەنگێك دەبێت دژ بە هەموو دەستدرێژکارێك بۆ سەر ئەم سەربەخۆییە، دووەمیش: دژی هەموو دەستدرێژکارێك و، هەموو داگیرکەرێك دەوەستێت، هەر جۆرێك بێت و لە هەر لایەکی ئەم زەویە بێت.

جا گەڕانەوە بۆ یەك بەیداغی ئیسلام تاکە ڕێگایەکە ماوە، ئەم بەیداغە نیشانە ومەدالیای رزگاریە بۆ موسڵمانان.